*Journal of Language Studies.* Vol.7, No.2, 2023, Pages (96-131)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.2.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Signs of the country in the poems of Qubadi Jalizadeh, an example of the poetry of the martyr walks alone, the gardens of Melek Taus

**Dr. Ahang Shafique Hame Bichkol Mohammed***
**Sulaymaniyah University / Collage of Basic Education / Department of Kurdish language**
ahang.mohamed@univsul.edu.iq

**Received:** 21 / 7 /2023 , **Accepted:** 29 / 8 /2023, **Online Published: 31 /10 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

The subject of our research is how to refer to the national theme in qubadi Jalizadeh's poems. We have tried to express patriotic thoughts and intentions in all its dimensions within our discussion, as well as in detail the signs by which the poet expresses his mentally distressed feelings for his country.

One of the most important points we have reached is that the poet has spoken the most beautiful poem for his country, with a warm and passionate passion, which was a high imagination, a creative thought, an emotion, and a poetic imagination, the family of his simple words, simple expressions, which always carried a national and patriotic message.

* **Corresponding Author**: Dr. Ahang Shafique, **Email:** ahang.mohamed@univsul.edu.iq
**Affiliation**: Sulaymaniyah University - Iraq

**Key Word**: homeland, patriotism, sign, patriotic signs, patriotism, Qubadi Jalizadeh

# إشارات الوطن في أشعار قوباد جلى زاده، بنماذج دواوينه الشعرية ( الشهيد يمشي لوحده، حدائق ملك طاوس )

د. ئاهەنگ شفيق حمه بچكۆل محمد

جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية، قسم اللغة الكردية

**المستخلص**

موضوع بحثنا هو كيفية الإشارة إلى الموضوع الوطني في قصائد قوباد جلى زاده. لقد حاولنا التعبير عن الأفكار والنوايا الوطنية بكل أبعادها في مناقشتنا ، وكذلك بالتفصيل الإشارات التي يعبر بها الشاعر عن مشاعره المضطربة عقليا تجاه بلده.

ومن أهم النقاط التي وصلنا إليها أن الشاعر تكلم بأجمل قصيدة لبلده، بشغف دافئ وعاطفي، كان خيالا عاليا، وفكرا مبدعا، وعاطفة، وخيالا شعريا، وعائلة كلماته البسيطة، وتعبيراته البسيطة، التي حملت دائما رسالة وطنية و كفاحية.

**الكلمات الدالة**: الوطن، الوطنية، الاشارة، الاشارات الوطنية، حب الوطن، قوباد جلى زاده

الوطن، الوطنية، الاشارة، الاشارات الوطنية، حب الوطن، قوباد جلى زاده

# ئاماژەکانی نیشتمان لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە دا بە نموونەی دیوانە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، باخچەکانی مەلەک تاووس)

د.ئاهەنگ شەفیق حمەبچکۆل محەمەد

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی

**پوختە :**

بابەتی توێژینەوەکەمان بریتییە لە چۆنێتی ئاماژەدان  بە بابەتی نیشتمانی لە شیعرەکانی( قوبادی جەلی زادە ) دا.  هەوڵمانداوە لە سنووری باسەکەماندا بیر و مەبەستی نیشتمانپەروەریی، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بخەینە ڕوو، هەروەها ئەو ئاماژانەش بە وردیی باس بکەین کە شاعیر بە هۆیانەوە هەست و سۆزی پەنگخواردووی دەروونی بۆ نیشتمانەکەی دەربڕیوە.

له گرنگترین ئەو خاڵانەی پێیگەیشتووین ئەوەیە شاعیر جوانترین شیعری بۆ نیشتمانەکەی وتووە، بە سۆزێکی گەرم و گوڕەوە، کە خەیاڵێکی بڵند و بیرێکی داهێنەرانە و سۆز و ئەندێشەیەکی شاعیرانە ئاوێزانی وشە و دەربڕینە سادە و ڕەوانەکانی بوون، کە هەمیشە پەیامێکی نیشتمانی و خەباتگێڕیان هەڵگرتووە.

**کلیلی وشەکان** : نیشتمان، نیشتمانپەروەریی، ئاماژە ، ئاماژەکانی نیشتمان، سۆزی نیشتمان، قوبادی جەلی زادە

**پێشەکی :**

توێژینەوەکەمان بریتییە لە ئاماژەکانی نیشتمان لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادە دا بە نموونەی دیوانە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، باخچەکانی مەلەک تاووس)

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :** هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ باس لە شیعرە نیشتمانییەکانی ( قوبادی جەلی زادە ) بکات لە ناو باس و توێژینەوەی تردا کە زیاتر بۆ ئافرەت و ژن و خۆشەویست و لایەنی ئیرۆتیک تەرخان کراون تەنیا وەکو ناوهێنان باسی ئەم لایەنە کراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی باسێکی تایبەتی و سەربەخۆ بۆ ئەم ڕەهەندە لە شعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا تەرخان بکەین .

**گرنگی توێژینەوەکە :** گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە شاعیر زۆر بە وردی لایەنی نیشتمانی باس کردووە و ورد و درشتی پێکاوە، بەڵام نەبوونی باسێکی سەربەخۆ دەبێتە کەلێن و ناتەواوی سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی. تەرخانکردنی توێژینەوەیەک بۆ ئەم بابەتە پێویستییەکی نامەخانەی کوردی و توێژینەوەی زانستییە لە ئەدەبی کوردیماندا.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەردوو دیوانە شیعری شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، چاپی دووەم،٢٠٠٧، و باخچەکانی مەلەک تاووس، چاپی یەکەم،٢٠١٢، لەسەر شیعرە نیشتمانییەکان هەڵوێستە کراوە و لێکدانەوەی لەسەر کراوە .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە دا میتۆدی وەسفی – شیکاری بۆ هەردوو شێوازی لێکدانەوەی تیۆری و پراکتیکی شیعرەکانی و هەندێک جار میتۆدی مێژوویی گیراوەتە بەر بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو کات و سەردەمەی کە شیعرەکانی تیادا وتووە، یان بیری شاعیرانەی بەرەو ئەو ڕۆژگارانەی بردووە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باس لە سێ تەوەری سەرەکی کراوە :

تەوەری یەکەم: بریتییە لە خستنەڕووی چەند چەمک و پێناسەیەک دەربارەی هەردوو وشەی ( ئاماژە ، نیشتمان )

ئەوەری دووەم: بریتییە لە خستنە ڕووی چەند سەرنجێک دەربارەی نیشتمان و لە چەند ڕەهەندێکەوە لێی دواوین وەکو: نیشتمان پەروەری، پێکهاتەکانی نیشتمان، بنەماکانی نیشتمانی، گرنگی هەستی نیشتمانی، ئامانج و مەبەستی نیشتمانپەروەری.

تەوەری سێیەم: لەم تەوەرە دا چەند شیعرێکی نیشتمانی شاعیرانمان خستۆتە ڕوو.

بەشی دووهەمیش: بریتییە لە ڕەنگدانەوەی بابەتی نیشتمانی لە شعرەکانی ( قوبادی جەلی زادە ) دا و بە وردیی ئەو لایەنانەمان خستۆتە ڕوو، کە شاعیر وەکوو هۆکارێک بیرە نیشتمانییەکانی پێ دەربڕیون و بە چەند ئاماژەیەکی جیاواز دەردەکەون .

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتووین بە چەند خاڵێک وەکو ئەنجامی توێژینەوەکە، دواتر پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

بەشی یەکەم / مانای نیشتمان و بیری نیشتمان

تەوەری یەکەم/ مانای( ئاماژە، نیشتمان ) لە ڕووی فەرهەنگییەوە

تەوەری دووەم / چەند سەرنجێک دەربارەی نیشتمان ( نیشتمان پەروەری، پێکاتەکانی نیشتمان، بنەماکانی

نیشتمانی، گرنگی هەستی نیشتمانی، ئامانج و مەبەستی نیشتمانپەروەری )

تەوەری سێیەم / هەست و سۆزی نیشتمانی لە شیعری شاعیراندا

بەشی دووەم / ڕەنگدانەوەی بیری نیشتمانی لە شیعرەکانی ( قوبادی جەلی زادە ) دا

**بەشی یەکەم** / مانای نیشتمان و بیری نیشتمانی:

**تەوەری یەکەم** / مانای ( ئاماژە و نیشتمان ) لە ڕووی فەرهەنگییەوە:

بە شێوەیەکی گشتی بە واتای(هێما و ئیشارەتدان) دێت لێرە دا چەند واتایەکی لە چەند فەرهەنگێک دا دەخەینەڕوو:-

- لە فەرهەنگی (oxford) دا بە مانای ئاماژە پێدان بە سەرنج و ڕاو بۆچوون لە شتێک یان هەندێک کەس هاتووە

هەر لە فەرهەنگی(oxford) دا بە مانای: (pointing) دێت واتا هەندێک کەس بیانەوێت چەند شـــتێک بنووســـن یان بڵێن و ڕای خۆیان دەربڕن لەســـەر بابەتێکی دیاری کراوو ، یان ڕاستییەک.

پەنجەی ئیشارەت بۆ شتێک ئاراستە بکەین –

ئیشارەتدان یان ئاماژەدان بە شتێک یان هەندێک شت کە بەو جۆرەیە

لە فەرهەنگی کوردستاندا ، وشەی ئاماژە واتا : ئاماژ، نیشانە ، ئامانج ( موکریانی ، ١٩٩٩، ١٦)

لە فەرهەنگی دەریادا : ئاماژە هێمایەکە بۆ دەستنیشانکردن و نیشاندانی شتێک بە دەست (الاشارة) ( کەریم ، ٢٠٠٥ ، ٢٧ )

لە فەرهەنگی نۆبەرەدا ، بە مانای : ڕێک ، موور، هێمان ، نیشانە ، ڕێزان ، نیشاندەر، سەرلەقاندن ، دەست وەیا چاو هەڵتەکاندن ، هێما ، چاوبڕکێن ، گریشمە ، دیاری ، پیشاندان ، داواشتن ، ئیما ) هاتووە

( موکریانی ، ٢٠٠٥ ،٢٤ )

لە فەرهەنگی شاسواردا ، بە مانای: سەرەڕا، سەرباری ئەوەی ، زیاد لەوە ، ئاماژە ، هێما ، ئیشارە

لە فەرهەنگی جاف دا( JAF pocket E– E) بە مانای : نیشاندان ، ئاماژەدان هاتووە. ( شاسواری ، ٢٠١٥ )

لە قامووسی زمانی کوردی دا بە مانای : ئامانج ، نیشانە ، مەبەست، ویست هاتووە (زەبیحی ، ١٣٤٧، ٦٦)

نیشـــتمان : واتای نیشـــتمان لە فەرهەنگی(oxford )بە چەند لێکدانەوەیەک ئاماژەی پێکراوە وەکو:

( نیشتمان ، نیشتمان پەروەری ) سەبارەت بە نیشتمانپەروەری :

ئەو ڕێگایەیە کە خۆشەویستی کەسێک دەردەخات بۆ نیشتمانەکەی

یان خۆشەویستی نیشتمانەو دەربڕینی خۆشەویستییە بۆی

هەروەها پێناسەی مرۆڤی نیشتمان پەروەر دەکات کە: ئەو کەسەیە کە خاکەکەی و نیشتمانەکەی خۆش دەوێت و دەیپارێزێت و ئاگاداری دەبێت و بەرگری لێ دەکات لە هەر دوژمنێک.

هەروەها لە( ویکیپیدیای ستانفۆرد بۆ فەلسەفە) دا بە گشتی دەوترێت خۆشەویستی مرۆڤە بۆ خاکەکەی و دواتر بە چەند لێکدانەوەیەک ئەم سۆزە دەخاتە ڕوو واتا فراوانتر پێناسەی دەکات:

سۆز و پەیوەستییەکی ویژدانییە بە خاک و نیشتمانەوە .

دڵەڕاوکێ و خەمخۆری و گرنگی پێدانی زۆر و ویستنی خێر و خۆشی نیشتمانە .

هەستکردنە بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە ناسنامەی تایبەتی مرۆڤ کە نیشتمانەکەیەتی.

ئامادەیی مرۆڤە بۆ پێشکەشکردنی هەر خزمەتێک بۆ خاک و نیشتمانەکەی و نرخپێدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی . (ar.m.wikipedia.org)

**تەوەری دووەم /** چەند سەرنجێک دەربارەی نیشتمان : ( نیشتمانپەروەری ، پێکهاتەکانی نیشتمان ، بنەماکانی نیشتمانی ، گرنگی هەستی نیشتمانی ، ئامانج و مەبەستی نیشتمانپەروەری )

لەبەرئەوەی بابەتی نیشتمانپەروەری بابەتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەستەکانی مرۆڤەوە و بابەتێکی چارەنووسساز و هەستیارە و مرۆڤی ڕۆشنبیریش بێگومان هەست بە لێپرسراوێتی دەکات بەرامبەر خاک و نیشتمانەکەی ، چاندن و دروستکردنی ئەم هەستەش لە کۆمەڵدا بابەتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە ، دواتریش بە دید و تێڕوانینەکانییەوە ، بۆ ئەو خاکەی لەسەری دەژی .

بەدرێژایی مێژووی هەر نەتەوەیەک بێگومان خاکەکەی ناسنامەیەتی و بەوەوە ناودەبرێت ، بەنیشتمانەکەیەوە سەربەرزە ، چەند هۆکارێکیش یارمەتیدەرە بۆ چەکەرەکردنی پەروەردەی نیشتمانی و پتەوبوون و چەسپاندنی سۆزی نیشتمان لە دڵ و دەروونی نەوەکاندا لە کۆمەڵگادا ، لەوانە (( خیزان، قوتابخانە، یانە و ڕێکخراو، کۆڕ و کۆبوونەوە، مزگەوت و پەرستگاکان، هاوڕێ و گرووپی هاوڕێ لە کاتی منداڵیدا بیری نیشتمانی لە هزری تاکدا دەچەسپێنن )) . ( ناصر و شویحات ، 2006 ، 234-237 ) دەکرێت کۆمەڵگا بە هەموو جۆرەکانییەوە چەند ڕێگایاک بگرێتەبەر بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی ، هەریەک لەوڕێگایانە کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەروەردەیەکی نیشتمانیانەی درووست و پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیرو بەئاگا ، لەم ڕووەوە هەردوو پسپۆڕی پەروەردە ( ابراهیم عبد الناصر و صفاء نعمة شویحات ) چەند هۆکارێک دیاری دەکەن کە بریتین لە( گەشتی ناوچە و شوێنەوارە فۆلکلۆرییەکان و هەوارگەکان و ئاماژەدان بە کتێبە نیشتمانییەکان و گێڕانەوەی چیرۆکی نیشتمانی و نەخشەی نیشتمان و شوێنی جوگرافی و میدیاکان و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ). ( ناصر و شویحات،٢٠٠٦، ٢٣٨-٢٣٩)

ڕادەی ڕۆشـــنبیری کـۆمەڵگا زۆر یارمەتیدەرە لە چۆنییەتی گەیاندن و درووســـتکردن و گەشەپێدانی گیانی نیشتمانی و سۆز و خۆشەویستی خاک و وڵاتدا بەو پێیەی هەتا مامۆستا و فێرگەکان وخوێندنگاکان و دواتریش کـۆمەڵگا و میدیاکان میتۆدی نوێ وڕێگای گونجاو و ئاســان و خێرا بگرنەبەر نەوەیەکی وشــیار و ڕۆشــنبیر درووســتدەبێت، کە ئەمەش گرنگە لە پرۆســەی پەروەردەکردنی سۆزی نیشــتماندا وەکو( زانین و ناســاندنی دەســەڵاتی بەڕێوەبردن لە وڵاتدا، کە هۆکارە بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردنی نیشــتمانی و خســتنە بەرچاوی کەســانی دیاری نیشـتمانپەروەر وەکو سـومبول و هێمایەک کە شـوێنپێیان هەڵبگیرێت و یادکردنەوەی بۆنە نیشـتمانییەکان و هەڵسـەنگاندن و بەهەند وەرگرتنی دەسـتکەوتەکان، کە پێشـکەش بە نەوەکانی نیشـتمان دەکرێن ). ( المشـاقبة، ٢٠٠٦، ٣١) بە واتایەکی تر ڕۆڵەی نیشـتمان ڕۆشـنبیر بکرێت هەتا لەو ڕوانگەیەوە هەست بە چۆنییەتی مامەڵەی دەسەڵات و فەرمانڕەوا بکات. بزانێت وەکو تاکێک ئەرک و مافەکانی لەیەک ئاســتدان، بۆ ئەوەی هەڵوێســتی هەبێت و خاک و نیشــتمانەکەی بپارێزێت و هەســت بە لێپرســراوێتی بکات . هەر لەم ڕووەوە ( ابراهيم عبد الناصر و صفاء نعمة شويحات ) زۆر بەوردیی گرنگی خۆشەویستی نیشتمان و هەستی نیشتمانی دەخەنە ڕوو : (زانینی هەر گـۆڕانکارییەک و کـێشـــەیەکی وڵاتانی دەوروبەریان، ڕۆڵ و بایەخی تاک کە پێویستە لە چ ئاستێکی بەرپرسیارێتیدا بێت، ئاشـنابوونی تاک بە خودی خۆی و دەرخســـتنی توانا خودییەکانی و ئەوەی لە پەنهانیدا هەڵیگرتووە لە توانا و زیرەکی، زانینی ئەو ئەرکانەی لەسـەر تاک پێویستە بۆ پێشـکەوتنی نیستمانەکەی).(ناصر و شـويحات، ٢٠٠٦، ٢٣٠) هەردوو نووسەر (ناصر و شويحات) دوو هۆکاری سەرەکی دەستنیشان دەکەن، کە دەبن بە بنەما بۆ بەرپرســیارێتی نیشــتمانی ئەوانیش (پێگەیاندنی هەســتی نیشــتمانی لای تاک و خۆشـــەویســـتی خاک و وڵات، لەگەڵ هەســـتی نەتەوایەتی و کلتووری کـۆمەڵایەتیدا، کە بنەما گرنگەکەی خۆشـەویستی خاک و نیشـتمانە، ئەمانە دوو هۆکارن بۆ بەرپرسـیارێتی و پاراسـتن و پارێزگاریکردن لە هەر شـکسـت و نەهامەتییەکدا، کە دێتە ڕێگای نیشـتمانەکەی) لێرەدا گرنگی نیشـتمانپەروەری دەکەوێتە ڕوو کە زۆرجار دەمارگیری نەتەوەیی درووسـت دەبێت و بە بارێکی ئەرێنیدا وەکو هەل قۆستنەوە لە ڕێکەوتی لەبار هۆکارە بۆ درووستبوونی کیانێکی نیشتمانی.

**تەوەری سێیەم** / بابەتی نیشتمانی لە شیعری شاعیراندا:

ئەم جۆرە شیعرە دەربڕی سۆز و خۆشـەویستی و وەفا و دڵسۆزییە بۆ نیشـتمان، بابەتی نیشـتمانی و سۆزی نیشـتمان، لەهەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەماندا ڕەنگیداوەتەوە

هەر لە فۆلکلۆرەوە هەتا هەموو قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان، بە شێوازێکی تایبەت دەربڕاوە کە مۆرک و خەسڵەتی ئەو قۆناغەی پێوە دیارە. لەبەر ئەوەی خۆشەویستی نیشتمان هەستێکی مرۆڤانەیە، بە شێوازێک ئاوێتەی هەست و نەستی مرۆڤ دەبێت لەهەموو بابەتێکی تر سەرنج ڕاکێشترە. بەو پێیەی گوزارشت لە هەستێکی پاک و بێگەرد دەکات و بۆ نیشتمان دەوترێت، کە لەلای هەموو کەسێکی بە ئەمەک بەرز و پیرۆزە.

لە قۆناغی سەرەتادا گوزارشت و دەربڕین لە سۆزی نیشتمان زیاتر بۆ خۆشەویستی نیشتمان و بەرزڕاگرتنی یاد و بۆنە نیشتمانییەکان و ستایشکردنی تیرە و هۆز دەوتران. دواتر لە ئاکامی هەردوو جەنگی جیهانی و گۆڕانکاری بەسەر کوردستاندا و دەستێوەردانی داگیرکاران و بەشکردنی خاکەکەی و زوڵم و زۆرداری بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەکەمان، سرووشتی دەربڕین و گوزارشتکردن زیاتر بریتیی بوو لە هەڵوێست وەرگرتن و خەبات و تێکۆشان بۆ سەندنەوەی سەروەری گەل و نیشتمان. هەر بەو جۆرە ستایش و پیاهەڵدان بۆ کەسایەتی دیار و قارەمان و شۆڕشگێڕی کورد بوو بە بابەتی ناوەرۆکی شیعری نیشتمانی کە دەربڕی هەست و هەڵچوونەکانی دەروونی شاعیرن (( بێگومان مرۆڤ کاتێک هەست دەکات نشینگە و شوێنی باووباپیرانی داگیر دەکرێت و خیروبێری بە تاڵان دەبرێت، لە باسکردنی بابەتەکانی پەیوەست بە خود دوور دەکەوێتەوە ، ناوەرۆکی شیعرەکانی بەرەو سۆزی نیشتمان دەڕوات، بەمەش جۆرێک لە شیعری ویژدانی دێتە کایەوە، شاعیر زۆرجار هەڵەو ناتەواویی و کەم و کورتی نەتەوەکەی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچێت و لە کاروانی بەرەوپێش چوونی گەلانی تر دوانەکەوێت)). (علی جاف، ٢٠٠٨،١١٠-111) ئەم هەڵوێستەش لە کامڵبوونی بیر و هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە دێتە کایەوە، زۆرجار بە شێوەی ڕەخنە گرتن و زۆرجاریش وەکو چارسەری دەرد و نەهامەتییەکان کە بوون بە کۆسپ لە ڕێی پێشکەوتن دەردەکەوێت.

ئەو قۆناغەی ئاماژەمان پێ دا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بە دواوە وەسفکردنی جوانی سروشتی کوردستان مەبەستێکی تری لەگەڵدا بوو جگە لە پیشاندانی جوانیەکەی و وریاکردنەوەی ڕۆڵەکانی و لە ڕوانگەی گیانێکی نەتەوەییەوە بوو واتا (( لەو سەردەمە بە دواوە جوانی سروشت لەو سنوورەش تێپەڕی کرد کە تەنها خۆشەویستی شاعیرەکان خۆیان پیشان بدات بەرامبەر بە کوردستان بەڵکو ئەم جارەیان ڕێگایەکی تری گرتە بەر و بوارێکی تری هەڵبژارد بۆ هاتنە ناوەکەی ئەویش هۆشیارکردنەوەی گەل بوو بۆ ڕێزگرتن و خۆشەویستی نیشتمان و قوربانیدان لە پێناوی دا )). ( عەلی، 1981، 8)

شیعرە نیشتیمانییەکان وێنەی خەباتی کورد و گڕ و کڵپەی شۆڕش و قوربانیدان بووە لە پێناو ئازادی و سەرفرازی دا بۆ نموونە زۆر دەقی شیعری بۆ کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئاگری داخ و شۆڕشی شێخ مەحموود وتراوە و پاڵەوان و کەسایەتیە نەتەوەییەکان ستایش کراون و بۆ ڕاپەڕاندنی نەوەی نوێ و وریاکردنەوەیان زۆر جار بە شێوەی گۆرانی و سروود و شیعری نیشتمانی وتراون کە دروشمێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردیان پێوە دیارە بە دەربڕینێکی سادە و ساکارەوە (ئامانج و مەبەستێکی شۆڕشگێڕانەیان تێدایە و بزواندنی هەست و سۆزە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش و خەباتی نیشتمانی و هیوا و ئومێد بە دواڕۆژی نەتەوە و گەل و ڕۆڵەکانی و گیانی گەشبینی و سەرکەوتن بە دی دەکرێت و گیانی بەرەنگارییان تیا دەردەکەوێت و کاریگەریی ئاوازە شیعرییەکان کاری لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ کردووە ). ( شەریف، ٢٠٠٨، ٤٩-٥٠)

بەو پێیەی دەقی شیعری تایبەتە بە چین و توێژێکی دیاریکراو یان شیعر دۆست و خوێنەرانی بەڵام سروودە نیشتیمانییەکان و گۆرانییەکان دەچنە ناخی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵەوە، هەر لێرەوە ڕۆڵی ئاوازە شیعرییەکان دەردەکەوێت و بەرجەستەدەبێت بەم پێیە ڕۆڵی شیعرە نیشتمانییەکان لە پەروەردەی نەتەوایەتیدا دەردەکەوێت لە ڕوانگەی درووست بوونی گیانێکی نەتەوەییەوە دەردەبڕێن و زۆر جار شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکان تێکەڵی یەک دەبن بۆ یەک مەبەست و پێناون (( هەر بۆیە بە کاریگەری ئەو ڕۆژگارانە شیعرە نیشتمانی و سیاسییەکان دەچنەوە سەر هەمان ڕێچکە و قۆناغ و زۆر تێکەڵ یەک دەبنەوە کە لە ئاکامی سۆزی نیشتمانەوە چەند دەقێکی سیاسی دێتە کایەوە و لە ئاکامی بارودۆخە سیاسییەکەشەوە ئاوڕ لە سۆزی نیشتمانی دەدرێتەوە کە زۆر جاری هیوا ئومێدی پێوە دیارە و زۆر جاریش ڕەشبینی باڵی کێشاوە بە سەر بەرهەمەکاندا )). (اسماعیل، ٢٠٠٧، ٨٩) هەر یەک لە بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی دوو هێڵی جیاوازن و وەکو دوو بابەتی جیاواز دەردەکەون بەڵام لێکچوونیان و یەک مەبەستییان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بوونی ڕایەڵەیەکی بەهێز لە نێوانیاندا، بە جۆرێک (( ڕەگەزەکانی هۆنراوەی نیشتمان پەروەری و سیاسی و بەرگری لای شاعیرانی کورد هێندە چوونەتە ناو یەک و سیمای یەکتریان لە ژێر پەردە گشتییەکەی نیشتیمانپەروەری دا شاردۆتەوە کە ئەم دوو جۆرەی دواتر هەر لەسەر بنچینە نەتەوەییەکەی خۆشەویستی خاک و نیشتمان و ئەو پەیوەندییە بەتینەی بە یەکیان دەبەستێتەوە لە دایک دەبێ

)). (حەمەد، ١٩٩٣، ٣٧) ئازادی و سەرفرازی نەتەوەیی لە خاک و نیشتمانێکی ئازاد دا سەقامگیر دەبێت، بەو واتایەی

(( بـــیـــری نەتەوەیی سۆزی گەیشتنی خەڵکە بە ئامانجە باڵاکانی نەتەوە، ئەویش لە ئازادی و ماف و نیشـــتماندا خۆی دەبینێتەوە )). (مســـتەفا، ٢٠١٥، ١٣) بابەتی نیشـــتمانی و نەتەوەیی هێندە بە یەکدا چووە لە ڕۆژگارێکی زۆر زووەوە و لای ســـەرئامەدانی شـــیعری کوردی ڕەنگی داوەتەوە (( ناوەرۆکی سیاسی و نیشتمان پەروەری وەکو چەمکێکی فراوان وە نەبێ لە ساڵانی بیستەکاندا شـتێکی تازە بوو بێت بەڵام ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە شـیعری چەندین شـاعیر دەبینین کە ئەم جۆرە بابەتانە پێکهاتەی ناوەرۆکیان بن وەکو هەندێ لە شـــیعرەکانی ئەحمەدی خانی، سالم و حاجی قادر )). (باڵەکی، ٢٠٠٥، ١٦٠)

شاعیرانی کوردیش بە پێی ئەو ڕۆژگار و سەردەمەی کە نەتەوەکەیان و نیشتمانەکەیانی تیادا بووە چەندین دەقی شـیعری بە پێزیان وتووە، ئاوێنەی ڕاسـتیی ئەو ڕۆژگار و سـەردەمە بووە کە نیشـتمان و نەتەوەکەیانی تیادا بووە، بێگومان وڵاتی کوردان هەمیشـە نا ئارام و نائاسـوودەبووە، هەر ڕۆژگارەی بە پێی خۆی کاردانەوەی لەسـەر هەسـت و سۆزی شـاعیران هەبووە ئەحمەدی خانی فەیلەسـووف ڕابەر و پێشـەوا و ڕۆشـنبیر و شۆڕە سـواری مەیدانی نەتەوایەتی ئاڵۆزی و ئاڵنگارییەکانی سـەردەمەکەی ئاوێتەی دەقە شـیعریەکانی کردووە، دەبینین (( بوونی ئەو هەموو میرنشینانە، بەو هێزە زۆر و زەوەندەوە بەو هەموو ڕووداوو کوشت و کوشتارەوە کە لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بگرە لەسەر دەمی هەردوو ئیمراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و تا کۆتایی ژیانی خانی و دواتریش هەر بەردەوام بووە )). (عبداللە،٢٠٠٩،٩٦)

دوای ئەحمەدی خانی (حاجی قادری کۆیی) لە قۆناغێکی دواتردا ناوەرۆکی شـیعرەکانی لە ڕووی گیانێکی نیشـــتمانی و نەتەوەییەوە و بەو پەڕی دڵسۆزی وغەمخۆرییەوە ئاوڕی لە دۆزی کورد و بارودۆخی کوردســـتان داوەتەوە ، زۆرجاریش تەگبیر و ڕاو بۆ چوونەکانی هێندەی تر سۆزی شیعرە نیشتمانی نەتەوەییەکانی دەخەنە ڕوو، هەروەک دەڵێت :

(( خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان ))　　　　(میران، ٩٣)

هەروەها مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) چەندین بەرهەمی چ بە شیعر و چ بە پەخشان بۆ بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی تەرخان کردووە و لە شیعری (هەر کورد ئەبین ) دا دەڵێت :

(( نە عەرەبم نە ئێرانیم نە تورکێکی شاخستانیم

نەک من هەر خۆم مێژووش ئەڵێ کە کوردم و کوردستانیم )) (بەرزنجی،٢٠٠٧)

هەروەها (عەلادین سەجادی) سەبارەت بە شیعرە نیشتمانییەکانی (حەمدی) دەڵێت : (( حەمدی یەکەم جار لە نیشتمانی و دووهەم جار لە فیکری وەکوو فەلسەفەچییدا لە هەموو قاپییەکانی تر زیاتر تیایانا ماوەتەوە ناهەقیشی نەبووە کە لەم دووە دابێ، چونکە ئەو لە دەورانێکدا ژیاوە کە دەنگی قەومیەت لە هەموو سووچێکەوە زرنگەی ئەهات. ئەی

خاکی وەتەن بێ فەرەح و زەوق و سەفا خۆت

پڕ حادیسە مەحکوومی هەموو حوکمی قەزا خۆت )) ( سەجادی، ١٩٧١، ٤٨١-٤٨٢)

هەر بەو جۆرە عەلادین سەجادی دەربارەی شیعرە نیشتمانییەکانی پیرەمێرد دەڵێت : (( جارجاریش بۆ هەوێن ئارەزووی نیشتمان ئەکا، چونکە پاشماوەی کارەساتی دەوری بابان هەر لە سولەیمانی مابوو، بەڵام نیشتمانەکەی لەبەر ئەوە کە خۆی هێشتا لە بۆتەی سۆزی میللەتدا قاڵ نەبووبوەوە، ئەوەندە بەپێزتر بوون کە چوو بۆ ئەستەمبوڵ و موعاناتی قەومەکانی چاو پێکەوت کەچی ئەکەن بۆ قەومییەت.....، بە جارێ دەوری ڕابردووی دایە دواوە و شعوری شیعری غەرامی بوو بە شعوری شیعری نیشتمانی)). (سەجادی،٤٦٣-٤٦٤)

هەروەها (هێمنی موکریانی)جوانترین دەقی شیعری بۆ نیشتمانەکەی وتووە وەکوو لە شیعرەکانی (قەڵای نیشتمان و دایکی نیشتمان)دا دەردەکەوێت بۆ نموونە لە شیعری (قەڵای نیشتمان) دا دەڵێت:

(( وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ وەگیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ

لە پێناوت دەنێم سەر تا بزانی منم ڕۆڵێکی ئازا و با وەفای تۆ )) ( دیوانی هێمن،١٠٢ )

هەروەها (ئەسیری) لە شیعری ( بەخاکی وڵاتم ) دا جوانی دیمەنی کوردستان و بەرزی و بڵندی شاخ و کێوەکانی وەکو هیممەتی شاعیر وایە هەروەکو دەڵێت:

(( بە خاکی وڵاتم کەسم کۆمەڵم لا ئەبا زیللەتم)) (عەسکەری،١٩٨٧،٤٩)

گەڵم میللەتم

( زێوەر) یش وەسفی نیشتمان و خاکی کوردستان لە بەرزترین شێوەدا دەرخێنێت هەر وەک لە شیعرەکانی : ( ئەم کوردە، کوردە ڕۆژی غیرەتە،....) دا بۆ نموونە لە شیعری (ئەی شەماڵ) دا دەڵێت :

(( چونکە ئەو شاخە زەوقی میللەت عیشق و سەودا و خەیاڵی حوڕییەت

تیا دەژی فیکری بەرزی کوردییەت کە بە هەست زیاترە بە قودسییەت ))

(زێوەر،٢٠٠٣، ٨٥ )

(ئەحمەد موختار جاف)یش بە هەمان شێوە شیعرە نیشتمانییەکانی لە ڕۆژگاری خۆیدا و هەتا ئێستاش ئاماژەن بۆ هەستی کوردایەتی و کوردبوونی شاعیر بۆ نموونە شیعری خۆبەقوربانیکردنی نیشتمانی بە جۆش و خرۆشێکی نەتەوەییەوە دەربڕاون، سەبارەت بەشیعرە نیشتمانییەکانی ( عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت:((وێنەی قوربانیدان و شەهید بوون لە شیعری ئەحمەد موختار دا بە چە شنێک دووبارە ئەبێتەوە کە باری لێکدانەوەی سایکۆلۆجی دەمانباتە سەر ئەوەی بە دڵنیایی بڵێین خۆبەقوربانی نیشتمانکردن و بە جوانەمەرگی شەهید بوون کەڵکەڵەی سەر و ئاواتی هەمیشەیی دەروونی بووە.

جەژنی قوربان ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەم

بۆ وەتەن من ڕۆژی سەد جار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم )) (ڕەسوڵ،١٩٨٨،١٧،٨٨)

هەر بەو جۆرە (دیلان)ی شاعیریش لە زۆربەی شیعرەکانی دا بۆ سۆز و خۆشەویستی نیشتمانەکەی زۆر بەرهەمی بە پێزی وتووە بۆ نموونە لە شیعری (سروودی من) دا دەڵێت ؛

((شیرین شیرینی خاکی کوردستان هەر بۆ پەرستن درووست کراوە ))

(ئاگرین،٢٠١٣،١٥٠)

خۆشەویستی نیشتمان و خاکی کوردستان لە دەقی شیعری شاعیرانی تریش دا ڕەنگی داوەتەوە (کاکەی فەلاح) لە شیعری (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم )کە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ئاوازی بۆ داناوە و وەکوو سروودێکی نیشتمانی دەوترێتەوە هەروەها (گۆران)لە شیعرەکانی (کوردستان، کوردستان جێگامی جێی هەزار ساڵەم)داو هەر مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) لە شیعری (من پێشمەرگەی کوردستانم) دا و چەندین شیعری تری نیشتمانی بەسۆز و گوڕ و تین و هەست و نەستێکی نیشتمان پەروەرانەوە دەربڕاون زۆربەیان ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بە سروودی نیشتمانی و لە یاد و بۆنە و لە خوێندنگاکاندا ڕۆڵەی نیشتمانیان پێ پەروەردە دەکرێت .

**بەشی دووەم /** ڕەنگدانەوەی نیشتمان لە شیعرەکانی ( قوبادی جەلی زادە) دا :

شـــــاعیر لە زۆر ڕووەوە ئـاوڕی لە نیشـــــتیمـانەکەی داوەتەوە و لە ڕووی غەمخۆری و دڵسۆزییەوە بـۆ نیشـــــتمانەکەی بە دید و هزرێکی تایبەتی شـــاعیرانەوە ســـــەرنجی خوێنەر ڕادەکـێشـێ بـۆ زۆر بابەتی جیاواز و پەیوەســــــت بە نیشـــــتمانەوە. لە زۆر بابەت دەدوێ کە هەڵوێستی تایبەتی شاعیر دەخەنە ڕوو، زمانی دەربڕین و شێوازی خستنە ڕووی ئەم بابەتانە و بەرجەستەبوونی وێنە هونەرییەکان هێندەی تر سۆزی دڵ و دەروونی دەخەنە ڕوو، کە دیارترینیان بابەتی ( شەهید و ئەنفال و کیمیاباران ) و ( ئاماژەدان بە کارەسات و ڕووداوی چەند شوێنێک و چەند شـارێکی کوردسـتان ) و ( خسـتنە ڕووی زۆر لایەنی واقیعی نیشـتمانەکەی ) سـەرەڕای چەند ئاماژەیەکی تر کە غەمی نیشتمانەکەی پێ خستووەتە ڕوو، کە بریتین لە :

١ –ئاماژەدان بە ئەنفال و شەهید و کیماباارانی خاک و نیشتمانەکەی.

٢ –ئاماژەدان بە شار و شارۆچکە و ناوچە وەک وێنە و بەشێک لە نیشتمان.

٣ –ئاماژەدان بە کـێشە و نەهامەتییەکانی پەیوەست بە نیشتمان و نەتەوەکەی.

٤ –دایک وەکو ئاماژەیەک بـۆ نیشتمان.

٥ –ئاماژەدان بە کەسایەتی و شاعیرانی نیشتمانپەروەر.

٦ –ئاماژەدان بە نیشتمان لە ڕێگەی وەسفی جەستەی خۆی و یارەکەیەوە .

٧ –ئاماژەی نیشتمان لە ڕێگەی بەراوردکردنی بەژنەوە.

٨ –ئاماژەدان بە نیشتمان لە ڕێگەی چەند لێکچواندنێکەوە .

ئەنفال و کیماباران و وەسـفی شـەهید لە هەرە بابەتە دیارەکانە کە شـاعیر بە سۆزێکی گەرم و گوڕەوە، برین و زامەکانی نیشـتمانەکەی خسـتۆتە ڕوو هەر وەک لە شـیعری (جرجەکانی کامۆ) دا گرتن و گواســــــتنەوە و مەرگەســــــاتی ئەنفال و کـۆچ و ڕەو و وێرانکردنی دێهاتەکان و ئەو کارەسـاتە نەبڕاوانەی ڕژێمی بەعس بە سـەر نەتەوەکەی هێناوە، بە چەند دەربڕینێکی کورت و کاریگەر خستۆتە ڕوو بە تۆفان و کاولکاریی وەسفیان دەکات، هەروەک دەڵێت :

(( تۆفانی ئەم نیشتمانە

هەموو دەریاکانی باڵ و

هەموو ڕووبارەکانی سەفەر و

هەموو هەورەکانی ڕەنگ و

هەموو کانیلەکانی نان و

هەموو کارێزەکانی ماچی

لێ وشک

کردمەوە

تەنیا،

بیابانەکانی چاومی

بە تەڕیی هێشتەوە

تەنیا !! )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، ٥٣٣ )

لێرەدا نیشتمانەکەی بە چاوی دەچوێنێ لە خۆشەویستیدا . لە هەمان کاتدا لە چاویدا وێنەی نیشتمان ڕەنگی داوەتەوە هێندە سەرنجی داوە ،مەبەستی لەو بیابانانەیە کە کوردیان بۆ ڕاگوێزاوە و ئەنفالیان کردووە کە هەمووی ڕووباری خوێنی شەهیدانە یان بە فرمێسکی شاعیر تەڕبووە.

هەروەها لە شـیعری ( حاجییەکان بێرەدا ڕەت دەبن ) وەسـفی ناوچەی عەرعەر دەکات لە پیرۆزیدا دەیچوێنێ بە بەردی ڕەشی کەعبە کە ماڵی خوایە، دواتر وەسفی دۆڵی( بالیسان دەکات لە زمانی عەرعەرەوە کە نەمامەکانی لە بالیســـانەوە هێناوە و ئاویان لە کانیاوەکانی بالیســـانەوە بردووە لێرەدا تەنیا ناوی عەرعەر و بالیسـان دەهێنێ بەڵام مەبەسـتی لە هەموو ئەو شـوێنانەیە کە تاوانی ئەنفال و گرتن و شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی تیادا ئەنجام دراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

(( يسئلونك عن الأنفال قل الأنفال لله و الرسول ))

لە عەرعەرەوە قسە دەکەم

لە عەرعەرەوە

لە سێبەری بەردەڕەشی موقەدەسەوە

(( بواد غير ذي زرع عند بيتك المحرم ))

لە عەرعەرەوە

لە گـۆڕێکی نابینای عەرعەرەوە

سڵاو بالیسان

فریشتەکان بە هەشتیان لە نەمامەکانی تۆ داچاند

ئاویان لە کانیاوە چاو قرژاڵەکانی تۆوە ڕاکێشا )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٤٤٧)

شـــــاعیر شـــــەهید زۆر بەرز و پیرۆز ڕادەگرێت و هەموو یادکردنەوەیەکی لە بازنەی نیشتمانەکەیدا وتەی شەهید و پایەی شەهید و سۆزی بۆ شەهید سۆزێکی تایبەتی پێ بەخشراوە هەروەک لە شیعری ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ) دا ئاماژە دەدات بەوەی شەهید لای هەموو چین وتوێژێکی کۆمەڵگاکەی فەرامۆش کراوە وخوێنی بە هەدەر چووە، چونکە تەنیایە و ئەم تەنیاییە زۆر مانا هەڵدەگرێت هەر وەک : گوێ پێنەدان و بەرز ڕانەگرتن و شـــوێن پێ هەڵنەگرتنی، هەر خودی ئەم گرنگی پێنەدانە واتا فەرامۆشـــکردنی نیشـــتمان لای ڕۆڵە و نەوەی نوێ بۆیە ( ئاوارەیە و تەنیا پیاسە دەکات ) تەنانەت ئایینیش بە سەری ناکاتەوە :

(( شەهید

لە ڕاستە شەقامێکی شاردا

پیاسە دەکات

تەنیا خۆی و خەفەت

تەنیا خۆی و خەسارەت

تەنیا خۆی و خوێن

شەهید

لەسەر تەختی قوتابخانەدا

فەرامۆش

لە خوتبەی جومعەدا

فەرامۆش )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات،٦٦٧-٦٨٠ )

دواتر لە شـیعری ( جریوەی شـەهید ) دا باسـی ژووری ئینفیرادی زیندانییەک دەکات، لە دیدی ئەو شـەهیدانە و لە دیدی زیندانییەکانییەوە نیشـتمانێکی سـەوز و ئاوەدان لە سـایەی لە سێدارە و قەنارەوە دیارە، کە چاوی شاعیرە :

(( لە ژووری ئینفیرادی

زیندانییەکەدا

قەنارەیەکی سوور

نیشتمانێکی سەوز )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٣٠٧ )

هەروەها لە شیعری ( پشکۆی سپی ) دا، ئاماژە بە بەفرێکی گەرم و گوڕ دەکات مەبەستی لە شۆڕش و ڕاپەڕینێکە، کە هیوا و ئومێدێکە لای شاعیر کە پاک و بێگەرد و سپی بێت وەکو بەفر تا دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا :

(( بەفر

لە بن هەنگڵی ئەسپە ژنەکانی نیشتمان گەرمتر، بەفر

داغتر لە هەڵمی هەڵفڕیوی ڕووباری خوێنی شەهیدان )) ( شەهید بە تەنیا

( پیاسە دەکات،٢٨٢

هەروەها لە شیعری ( نووسینەکانی سەرشانم ) دا سۆزی نیشتمان لە زمانی سەرکردەیەکی شەهیدەوە دەردەبڕێ و نیشتمانەکەی دەکات بە خڕۆکەیەک کە تێکەڵ بە خوێنی بووە :

(( لە دەستم هاتبا نیشتمانم

بە قەد خڕۆکەیەک چووک دەکردەوە

هەڵم دەدایە ناو خوێنم

ئەمە قسەی سەرکردەیەکی شەهیدە )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٣٥٥ )

هەر لە شیعری ( گۆرانییەکی سپی ) دا وێنەی شەهید بوونی منداڵێک دەکێشێ، کە ئاماژەیە بۆ شەهیدبوونی منداڵانی کورد بە گشتی و لەم شیعرەدا و لە زۆربەی شیعرەکانیدا کارساتی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی هەروەها ئەنفالکردن و قڕکردنیان لە بەرزترین وێنەدا پیشان داوە. لە شیعری ( شەهید ) دا شاعیر وێنەی دەستی زۆردار و شەهیدەکانی لە ڕێگەی وشەکانی ڕەشەبا و گوڵەوە خستۆتەڕوو. ( باخچەکانی مەلەک تاووس،٢٨٢ )

٢ –ئاماژەدان بە شار و شارۆچکە و ناوچە وەک وێنە و بەشێک لە نیشتمان :

قوبادی جەلی زادە زۆر جار وێنەی شار و شارۆچکە یان ناوچەیەک پیشان دەدات لە ڕوویەکی دواکەوتووی یان نەبوونی هەڵوێست یان پیشاندانی زوڵم و زۆرداری لەو شوێنە بۆ ئەوەی وێنە گشتییەکە بخاتە ڕوو، کە هەموو نیشتیمانەکەیەتی و لە هزر و بیری خوێنەردا بەرجەستە ببن و دواتر هەڵوێستی پێ وەر بگیرێت.

شاعیر زۆر وێنەی جوان بە خەیاڵی بەرز و ئەندێشەی شاعیرانەو ئەزموونێکی ڕەسەنەوە وێنەی کارساتی هەڵەبجە دەکێشێت . مرۆڤەکانی بە چۆلەکە دەچوێنێ و ڕۆحسووکی و پاکی و بێگەردی چۆلەکە دەکات بە سیفەتیان ڕاوکەرەکانیش زۆردارەکانی ڕژێمی بەعسن و هەناسەی چۆلەکەکان بە قەفەز دەورە دراوە واتا کیمیا ڕێژ کراون:

(( چۆلەکەکانی هەڵەبجە
بن باڵیان پڕ لە ڕاوکەر و
هەناسەیان پڕ لە قەفەس
ئەوان ناچنەوە دارستان و
لەگەڵ کەروێشکەی گوڵە گەنمدا
هەڵنافڕن
هـ ێ ر ۆ ش ی م ا
دەڵێ :
هـ ە ڵ ە ب ج ە
زامارترین خوشکی منە
هەڵەبجە
بچووکترین
جوانترین
تەنیاترین
کچی ژەهرە )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ١٣٠ )

هەروەها لە وەسفی بەفری ( چیای قەندیل ) دا بە ڕەنگی سوور ئاماژەی پێ دەدات واتا لە خوێنڕشتندا لەوێ چیاکە سوور بووە :

(( سوور
بەفر هەمیشە
سپی
سپی
ئەو بەفرە نەبێت
بە سەر قەندیلدا دەبارێت )) ( باخچەکانی مەلەک تاوس ،١٥٨ )

هەر لە شیعری ( کارتی سپی ) دا سەری خۆی بە قەندیل دەچوێنێ لە سپێتی دا بەم شێوەیە دوو جۆر لێکچواندن و دوو جۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێت :

١-سەری شاعیر و قەندیل لە سپێتیدا وەکوو یەک وان.

٢- ئەو ویست و مەبەستەی لە سەری شاعیردایە وەکوو پەیامەکەی قەندیل پاک و بێگەردە.

((

سەرو سەکسوکەکەی من

قەندیلە

سپی

سپی

دەبریقێتەوە )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس،١١٨ )

شاعیر لە شیعری ( نامەیەک بۆ شارەکەم ) دا سۆز و خۆشەویستی بۆ کۆیە وێنەیەکی دیار و بەرچاوی نیشتمانە گەورەکەیەتی، بێگومان سۆزی خاک و زێدی باوو باپیرانی هەوێنی سۆزێکی گەرمی نیشتمان پەروەرییە و ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زیندوو ڕەسەن لە دەقەکاندا دەردەکەون، لەگەڵ ئاماژەدان بە چەند شوێن و چەند کەسایەتییەکی ئەو ناوچەیە زیاتر بەرجەستەی دەکەن .لە شیعری ( نامەیەک بۆ شارەکەم ) دا غەم و ناسۆری شارەکەی بە چیای غەم دەچوێنێ و تەنیا یەک برین نەک هەموو برینەکان دەبێ بە ڕووبارێکی خوێنین و شاعیر هەڵدەگرن بەرەو ( شیوی ڕەزان ) و دواتر ئاماژە بە بوونی( حاجی قادر) دەکات وەکوو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر کە لە غەمی نیشتمانەکەیدایە :

(( کە جووت دەبم

لەگەڵ بەژنی چیای خەمت

خوڕەی خوێنی برینێکت هەڵم دەگرێ و

شۆڕم دەکاتەوە قوڕگی

(شیوی ڕەزان )

سەر دەکەمە بن هەر دارێ

( حاجی قادر ) دانیشتووە

بە چاوی ڕێژنە بارانی

پەڕە سیخاری غەمێکی تەڕ دەکات و

بە ژیلەمۆی شیعرەکانی

ئازارێک دادەگیرسێنێ )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات،١١٤ )

هەروەها لە شیعری ( کتێبەکانی فەرهاد ) دا ئاماژە دەدات بە ( کەلار )، کە بارودۆخێکی دیاریکراوی هەیە کە ئاماژەیە بۆ هەمان هەڵوێست لە پارچەکانی تری کوردستان

(( لە کەلار

ئاگر بەربووەتە گوڵەگەنم

***

گوێم لە هاواری حەرفی گوڵ

ناڵەی وشەی پەپوولەیە

بۆنی هەڵکڕوزانی

جۆگەلەی دێر دەکەم

***

لە کەلار

عیسا دەدەنەوە لە دار

دوعایەکی تر دەکوژن

ئاخر زەمانە لە کەلار )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس،٣١٣-٣١٥ )

قوبادی جەلیزادە ) لە شیعری ( چەمچەماڵ ) دا ئاماژە دەدات بە ژن و پیاو لە ژێر دوو ناوی ( گوڵ و تفەنگ ) دا گوڵ و تفەنگ سیفەتی خۆیان لەگەڵ یەکدا ئاڵوگۆڕ کردووە، گوڵ بۆ پیشاندانی بەرگری و قارەمانێتی سیفەتی پیاوی هەڵگرتووە تفەنگیش بۆ خەباتکردنە هەڵوێستێکی پاک و بێگەردە وەکوو گوڵ. هەروەها بە بارێکی تردا بۆ پیشاندانی شەڕ و ئاشتیە لە ماڵێکدا، یان دوو بەرەی سیاسی، کە ڕەنگدانەوەیان هەیە لە ناو کۆمەڵدا بە هەموو شێوەکانەوە نەک هەر لە ( چەمچەماڵ ) هەروەک دەڵێت :

(( گوڵ و تفەنگ لە ماڵێکدا دەژین

تفەنگ مەخزەنی عەتری بەستووە

گوڵ مەخزەنی فیشەک )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٧١ )

لەهەمان دەقدا وێنەی ژنێکی ڕەشپۆشی گەرمیان دەکەوێتە ڕوو، کە بە هۆی فرمێسکی ئەو ژنەوە باران تەڕ دەبێت هەر بۆیە چەتری هەڵداوە، شاعیر دەیەوێت گریان و هاواری ئەو ژنە بخاتە ڕوو وەک ژنی هەموو کوردستان نەک هەر تەنیا گەرمیان :

(( نەبادا، فرمێسکی ژنە ڕەشپۆشێکی گەرمیان

تەڕی بکات

چەتری هەڵداوە

باران ))          ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٧١ )

هەر بەو جۆرە شاعیر لە شیعری ( هێڵنج ) دا باسی نیشتمانەکەی بۆ هۆی شارێکەوە دەخاتە ڕوو کە نشینگەی شاعیرە و مەبەستی هەموو نیشتمانە لە ڕێ دوو وێنەی دژ بەیەکەوە ئەوانیش ( مەیخانە و مزگەوت ) و ( منارە و سێدارە )ن. هەردوو وشەکە لە ڕووی ئاوازیشەوە گونجاون :

(( شارەکەم مەیخانە و مزگەوت

شارەکەم منارە و سێدارە ))          ( شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، ٣١٦)

٣- ئاماژەدان بە کێشە و نەهامەتییەکانی پەیوەست بە نیشتمان و نەتەوەکەی :

شاعیر لە شیعری ( کارتی سپی ) دا ئاماژە دەدات بە کێشە و دووبەرەکێ لە نێوان دوو حیزبی ڕاست و چەپدا - بە ناوی حیزبی ڕاست و چەپەوە ناویان دەهێنێ ، کە بارودۆخێکی نا ئارام ناجێگیر لە وڵاتەکەدایە و بووە بە گۆڕەپانی جەنگ و ململانێ لە نێوانیاندا. شاعیر چەند ڕۆژنامەیەک دەکڕێ و لە ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ )دا مەبەستی لەم ناوە ئەمڕۆی کوردستانە و باس لەمڕۆی کوردستان دەکات کە جەنگ بە ( چەکی سپی ) دەکەن بە ناوی ڕیفۆرم و چاکسازییەوە :

(( چوار ڕۆژنامە دەکڕین

١ -هاوڵاتی: کورد و جاسوسگەرایی.

٢ -چاودێر: لە سنووری (مەریوان- باشماخ) دا مەفرەزەیەکی ئەنسارول ئیسلام دزە دەکەن.

٣- خەبات: لە دام و دەزگاکانی هەرێمدا ئاڵای بەعس هەڵناکەین.

٤ -کوردستانی نوێ: بە چەکی سپی

لە یەک سینەدا

ڕیفۆرم

شەڕی مەمکی چەپە

لەگەڵ مەمکی ڕاستدا ))          ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ١٠٨ )

شاعیر هەمیشە بە تەنگ کێشەکانی نەتەوەکەیەوەیە بۆیە ئاماژە دەدات بە جەنگ ، کە وێرانکاری لێ دەکەوێتەوە هەر بۆیە جارێکی تر لە شیعری ( هەمیشە شەڕ ) دا وەسفی ژیانی

خەڵکەکەی دەکات کە چۆن بە دەست جەنگەوە زۆربەی بەها و خۆشی و ئارامی نەماوە تەنانەت لە دوای وەستانی شەڕیش :

(( شەڕ وەستا

تازە چ سەروەری

کە شەهید دڵ کەیل و لانەواز

***

شەڕ وەستا

تازە چ ئاشتی

کە شەڕ بەردەوامە هەمیشە )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٣٢ )

شاعیر شەڕ و ئاشووبی ناو نیشتمانەکەی زۆر زامی بە سوێی لە دڵدا حەشار داوە، تا کاتێک وەک کانییەک دەتەقێت و دەوروبەری پڕ دەکات لەو وشانەی گوزارشتن بۆ ئەو بارودۆخە نەخوازراوە، هەر وەک لە شیعری ( ئاژاوە ) دا، ئاماژە دەدات بەو ئاژاوەیەی کە وەکو فریشتە سێ هێز، سێ بەڵا و ئاشووب، هەموو وڵاتی گرتەوە کە بە ناوی شارێکەوە ئاماژە بە هەموو نیشتمان دەدات، کە بوون بە سێ بەرەوە و خوێنی یەکتری دەڕژن ئاماژە بە مەلەکانیش دەدات کە دەنووکیان بەخوێنە واتا هیچ چین و توێژێک نەماوە خوێنی یەکتری نەڕژن:

(( لە شارێکی مات و کپدا

ئاسمان شەق بوو

سێ نوورانی

بە سێ گوریسی ئاگرا

هاتنە خوارێ

سێ سروودی سووریان چڕی

شار بوو بە سێ

سێ گەڕەکی چەقۆ هەڵگر

لەو ساوە هاواری هەلاج

ئەسپێکی بێ سەر و شوێنە

لەو ساتەوە نەک هەر گورگ

مەلیش دەندووکی بە خوێنە )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٤٠ )

هەر بەو جۆرە لە شیعری( بەر لەوەی گوڵ بچێ بۆ شەڕ ) دا ئاماژە بەو دۆخە دژوارە دەکات، ڕۆژگارێکی زۆر بە دەست ڕژێمی بەعسەوە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی لە سەنگەری خەبات دا بوون:

(( چووم بۆ شەڕ

ڕۆحم تژی لە پەپوولەی کوژراو

کۆڵە پشتم لێوان لێو لە بێوەژن

مەتارەکەم پڕاوپڕ لە چاوی ڕژاو )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس،٤١٠ )

شاعیر هەمیشە لە خەمی نیشتمانەکەیدا ورد و درشتی هەموو بابەتێکی پەیوەست بە نیشتمانەکەی پێکاوە، لە شیعری

( ٢٠٣ بۆڵە ترێ ) دا لە هەردوو شیعری ژمارە ( ١٤١– ١٤٢ ) دا هەردوو ڕووی هیوا و ئومێد، لەگەڵ نائومێدیدا بە داهاتووی نیشتمان بە دی دەکرێت هەر وەک لە لە شیعری ( ١٤١ ) دا دەڵێت ڕۆڵەکانی نیشتمان ڕووناکی و هیوان بە دواڕۆژی وڵات و شەوەزەنگی تاریکی لە ناو دەبەن:

(( شیعری (١٤١ )

گڵۆپەکانی سەر جادە بە دەنووکی ڕووناکی

کراسی شەو دادڕ دادڕ دەکەن )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس،٢٦٢ )

لێرە دا قوبادی جەلی زادە، هیوای بە نەوەی دواڕۆژە و هەڵهاتنی ڕۆژی نوێ وسەرفرازییە بەڵام دواتر لە شیعری ( ١٤٢ ) دا دەڵێت شەڕ ناەێڵێت ئەم ئومێدە بێتە دی و ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی هەر بە ساوایی دەکوژن هەر وەکوو هەنجیری پێنەگەیشتوو، کە چۆن دەکەوێتە خوارێ و تێکەڵ بە خاک دەبێت هێشتا دەمی بە شیرە هەر بەو جۆرە شەڕ ناەێڵێت منداڵە ساواکانمان پێبگەن :

(( شیعری ( ١٤٢ )

کە دەکەونە خوارێ شیرە خۆرەن

شەڕ ناەێڵێت

هەنجیرەکەمان پێبگات )) ( باخچەکانی مەلەک تاوس،٢٦٢ )

هەر ئەم نائومێدییە لە شیعری ( تەمەن ) دا دووبارە دەبێتەوە و شاعیر زۆر بێ هیوایە بەرامبەر بە ئازادی بۆ نیشتمانەکەی و دەڵێت غەمی چوار پارچەی کوردستان وەکوو چوار ژەهر ڕژاونەتە تەمەنمەوە :

(( دەڵێن شیعریش وەک ڕامووسان

وەکو شەراب

وەکو خۆشەویستی نیشتمان

چرۆی تەمەن دەداتە بەر تۆفی خەزان

ئاخ کوڕینە

چ شاعیرێکی کەم عەمرم

کە من عیشقی هەر چوار ژەهرم )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، ١٦٠ )

هەر بەو پێودانگە لە شیعری ( ژمارەکان ) دا لە شیعری ژمارە ( ٢ و ٣ ) دا ئەم نا ئومێدییە دووبارە دەبێتەوە بە هۆی ئەو بارودۆخەوە کوردستانی تێدایە و بەو چوار پارچەیە بە چوار حەسار و چوار ڕیزە دیوار لە یەک جیا کراونەتەوە، بۆیە هەرەس دەەێنن چونکە ناشارەزایانە هەوڵ دەدەن، هەروەک دەڵێت :

(١)

چوار چرا

چوار چاوی پڕ لە نەوت

چوار ڕەشەبا

(٢)

چوار ڕووبار

چوار هاواری سەر بەرەو خوار

چوار بەستێن و چوار ڕیزە دیوار

(٣)

چوار نەوڕەس

چوار ڕاوکەری نەشارەزا

چوار هەرەس )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ١٩٣-١٩٤ )

ڕادەی نا ئومێدیی و ڕق و تووڕەیی شاعیر زۆرتر و زیاترو بە جۆشتر دەبێت بەرامبەر بە ئاکام نەگەیشتنی نەتەوە و نەبوونی سەرفرازیی بۆ نیشتمانەکەی هەر بۆیە لە شیعری ( پەرۆشی چیم بێ ) دا دەڵێت :

(( چیم بۆ نەکردی

بە مەزرای سنگی وشک و تینووتا

ئاسمانێ خوێن و فرمێسکم هەڵڕشت

لە سۆنگەی تۆوە

خووم دایە تاوان )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ١١٨)

ئەر بەو جۆرە شاعیر لە شیعری ( زیندەخەون ) دا لەگەڵ مانگدا دەکەوێتە گفتوگۆ، کە ئاماژەیە بۆ ئافرەتێک بەڵام شاعیر بە هۆی غەمی نیشتمانەکەیەوە وەڵامی مانگ بەم جۆرە دەداتەوە، هەر بۆیە ژوان و خۆشەویستی لای ( قوباد ) نرخ و بەهای نامێنێت :

(( مانگ چاوێکی لێ نووقاندنم

گوتی: قوباد تەمەن کورتە

سەر هەڵگرە و وەرە ژوانم

***

ئەی مانگی شۆخ

تازە لەم کاولە خاکەوە

عیشقت بە پوولێ ناکڕم )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ١٣٠ )

شاعیر لە ئاکامی بێ هیوایی بۆ داهاتووی نیشتمان ڕووبەرووی هەرسەهێنانێکی دەروونیی دەبێتەوە لە شیعری ( فیشەکی ڕەحمەت ) دا دەڵێت:

(( لە ترۆپکی خەرمەندە حەپەساوەکانەوە

نیشتمان

دەڕوانمە داتەپینی ئاسمان و هەرەس هێنانی زەوی

کێ نیشتمانەکەمی لە بەر چاوی نەتەوەکەم

ڕەش کرد ؟

کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم

ڕەش کرد ؟ )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٣٢٩ )

شاعیر لە شیعری ( جەنازە ) دا لەو پەڕی ترۆپکی نا ئومێدیدا دەیەوێت کۆچ بکات و نیشتمان بە جێ بهێڵێت :

(( باغ بێ شووشەی عەتر

نیشتمان بێ ئومێد

***

تکا لە قەرەج دەکەم

جڵەوی ئەسپەکەیم بداتێ

بستێک لە خاک نەماوە، پێی بگوترێ نیشتمان )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٢٩٥ )

لە شیعری ( ٢٠٣ بۆڵە ترێ ) دا ئاماژە بە شەڕ و کوشتار و ئاژاوەی نیشتمانەکەی دەکات و لەوەسفی نیشتمان دا دەڵێت :

(( شیعری (١٥١)

بە قەد ناولەپێکە

هەرگیز تێر نابێ لە خوێن

زوحاکێکی ترە

نیشتمان )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٦٥ )

هەروەها لە شیعری ( ١٥٤) دا وێنەی شەڕ و کوشتار و دەستڕێژی گولە و گولە بارانکردنی خەڵک و وێرانی و خراپی بارودۆخی نیشتمانەکەی دیاری دەکات کە زۆر بە سانایی دووبارە دەبێتەوە :

(( دەستڕێژێک

قیژەیەک

لا فیتەیەکی ڕەش )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٦٦ )

هەروەها لە شیعرەکانی ( برووسکە ) و ( شەهید ) دا وێنەی شەهیدبوون و کوشتنی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی دەخاتە ڕوو . ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٨٠ و ٢٨٢ )

٤- دایک وەکو ئاماژەیەک بۆ نیشتمان :

شاعیر دەیەوێت واقیعی نیشتمانەکەی بخاتە ڕوو بە هۆی ئاماژەدان بە جەستەی لاواز و بێهێزی دایکییەوە، هەر بۆیە دەڵێت دایکم ڕۆژ بە ڕۆژ کز و لاواز و بێتوانا دەبێت. تەنیا عەینەکەکەی هۆکارە بۆ بینین و هەر ئەوە دەدرەوشێتەوە واتا نیشتمانەکەم هەموو ڕۆژێک گوڕ و هێز و خەبات و یەکگرتوویی کەم دەبێتەوە، هەر چاوی لە دەوروبەرێتی و شتەکان دەبینێ و خۆشی بێ دەسەڵاتە و ناتوانێت هەنگاوی سەرکەوتن بنێت:

(( ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر دەبێت

ئەوەی لە دایکم دا دەدرەوشێتەوە

تەنیا عەینەکە کەیەتی )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٢٦٣ )

هەروەها لە شیری ( دایک ) دا ئاماژە بە جەستەی لەتکراو و بەشکراوی خاکی کوردستان دەدات کە بە یەک پارچەیی وەکوو گوڵی گەشاوە وایە و هەر چوار خونچەکەش چوار بەشەکەی کوردستانن، بۆیە خونچەن چونکە بەشێکن لە گوڵە گەشاوەکە هەروەها ئاماژە دەدات بە پشکووتنی گوڵ لە شەودا واتا خەباتیان بەنهێنییە :

(( ئەم چوار خونچەیە

کچی ئەم گوڵە گەشاوەن

شەوان بە مەمکی پشکووتن

بەخێویان دەکات )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٥٤)

٥- ئاماژەدان بە کەسایەتی و شاعیرانی نیشتمانپەروەر :

شاعیر ئاماژە دەدات بە ( بێکەس )ی شاعیر و هەڵوێستی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەی ( بێکەس ) کە چۆن لەبەردەم (ئەدمۆنز ) دا بوێرانە وەستایەوە :

(( زۆر شاعیریش

هەتا پەنجەیان هەڵوەری

لە گۆڕەپانی شیعردا

کەلەسەری داگیرکەریان

دەقۆزتەوە

بەڵام هیچیان

وەکوو کوڵی ڕقی بێ کەس

پەنجەی جورئەتیان نەخستە

هەردوو چاوی ( ئەدمۆنز ) مەوە !! )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٥١ )

لە شیعری ( حاجی قادر )دا دەیەوێت هەڵوێستی ( حاجی قادر ) وەکو کەسایەتییەک و شاعیرێک بکات بە ڕێگایەک کە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی پێ وشیار بکاتەوە لە غەفڵەت و نەزانی و دواکەوتوویی ڕزگاریان بکات.

بە هەمان شێوە لە شیعری ( بۆ لەتیف هەڵمەت ) دا نیشتمانی لە تیف هەڵمەت وخاکی هۆنراوەکانی بە دایک دەچوێنێ کە بێگومان مەبەست لە نیشتمانەکەیەتی. لە ڕێگەی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتەوە ( پرچی کچێکی گەرمەسێر، بەفری قەندیل، گۆڕستانی کفری ) دەبن بە سێ ئاماژە بۆ سێ شوێنی جیاواز و خۆشەویست لای لەتیف هەڵمەت، کە لە دڵیدا جێگەی کردوونەتەوە هەر بۆیە ( قوبادی جەلی زادە ) لێی دەپرسێت :

(( من تێ ماوم

ئالەم دڵە بچکۆلەی تۆ

چۆن بە یەکەوە هەڵدەکەن

گەرمەسێر و

بەفر و

گڵکۆ )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٦٤-٦٥ )

لێرەدا ( قوبادی جەلیزادە ) دەیەوێت خۆشەویستی نیشتمان لە نیشتمانەکەی دڵی لەتیف هەڵمەتەوە بخاتە ڕوو، بێگومان ئەوەش لەبەرجەستەبوونی وشەی دایکدا کە بە نیشتمان و خاکی هۆنراوەکانی داناوە کە بێگومان خاکی نیشتمانە .

٦ -ئاماژەدان بە نیشتمان لە ڕێگەی وەسفی جەستەی خۆی و یارەکەیەوە :

( قوبادی جەلیزادە ) لە شیعری ( ئاوێنەیەکی شکاو ) دا وەسفی نیشتمان لە ڕێگەی جەستەی یارەکەیەوە دەکات . لە ناو ئاوێنەیەکی شکاودا لەشی یارەکەی بە چوار پارچەیی دەبینێ هەروەک چۆن دڵ و هەناوی وڵاتەکەی دابەش بووە بۆ چوار بەش بێگومان دڵیش لە ناوەڕاستی جەستەدایە، وڵاتەکەشی لەناوەڕاستەوە کراوە بە چوار بەشەوە بۆ پیشاندانی سۆز و خۆشەویستی هەر چوار پارچەکە ،پارچەکان کۆدەکاتەوە، لەو شۆڕشەدا هەر خۆی ڕابەر و پێشمەرگە و شەهیدە :

(( لە چوار پارچەیی دا لەشی تۆ و دڵی وڵاتەکەم

چوون یەکن

ئا بتوانم پارچەکانی کچێنیت کـۆ بکەمەوە

موحتاجی شۆڕشم

شۆڕشێک تیایدا

خۆم ڕابەر و

خۆم پێشمەرگە و

خۆم شەهید !! )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٤٥٩)

شاعیر لە شیعری ( پشوو ) دا خۆی بە نیشتمانەی و ددانەکانیشی بەڕۆڵەکانی دەچوێنێ و هۆی کەمی ددانەکانی بە هۆی پیرییەوەیە، کەمی ڕۆڵەی نەبەرد و ئازاش بە هۆی گرتن و کوشتنیانەوەیە، لەم ڕووەوە لە یەک دەچن، هەروەک دەڵێت:

(( ددانەکانم ، هەندێکیان

پیری شەهیدی کردن

هەندێکیان بەندیخانە

هەندێکیشیان برا کوژی )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٣٤٠ )

شاعیر وەسفێکی وردی نیشتمانەکەی و دڵی خۆی دەکات و بەراوردیان دەکات لەم وەسفەدا، کە دڵی بچووکەو بەو بچووکیەشەوە هیچ کەسێک و هیچ شتێک نەیتوانیوە داگیری بکات، بەڵام نیشتمانەکەی بەو گەورەییەوە و بە بوونی هەموو ڕۆڵەکانیەوە، بە درێژایی مێژوو داگیر دەکرێت. هۆکاری ئەوەش نەبوونی خۆشەویستی و عەشقە بـۆ نیشتمان بە پێچەوانەی دڵیەوە کە پڕە لە سۆز و ئەوین :

(( ئەم دڵەی من، وڵاتێکی بچکۆلەیە

نە ئاڵای هەیە

نە سنوور

نە پاسەوان

کەچی: نە هیتلەر بـۆی داگیر کرا

نەشەوە زەنگ و

نە خەزان

ئەم دڵەی من لەو ساتەوە

چاوەکانی پشکووتووە

بێ تەقە، بێ خوێنڕشتن

عیشقێک داگیری کردووە )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٤٦ )

شاعیر لە شیعرێکی ناوازەدا بەناوی ( شمشێری ژن، شمشێری تەسلیم بوون ) هەوە خۆی و نیشتمانەکەی بەیەک دەچوێنێ لە داگیرکاریدا دەیەوێت واقیع و ڕووی ڕاستەقینەی نیشتمانەکەی بخاتە ڕوو بە هۆی خودی خۆیەوە:

(( من و نیشتمانە زەلیلەکەم لە یەکدەچین

ئەو هەر ڕۆژە پیاوێک داگیری دەکات و

منیش هەر ڕۆژە ژنێک!

ئەو شمشێری یاخیبوونی هەڵکێشاوە

منیش شمشێری تەسلیم بوون ! )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٢٩٨ )

٧ –ئاماژەی نیشتمان لە ڕێگەی بەراوردکردنی بەژنەوە :

لە شیعری ( ڕووخانی چرا ) دا شاعیر بەراوردی هەردوو عیشقی نیشتمان و عیشقی ژن دەکات .

*شاعیر لە کاتی گفتوگۆی لەگەڵ شەهیدێک دا بەراوردی عیشقی شەهیدەکە بۆ نیشتمان و عیشقی شاعیریش بۆ ژن دەکات و لە کۆتاییدا دەڵێت گەل و ڕۆڵەکانی لەو خاکە شەهید ترن کە چەند ساڵە قوربانی لەپێناودا دەدرێت و لە ژیاندا وەکوو مردوو وان . خۆشی ( شاعیر ) دەبێ بە خاک و لە شەهید و گەلەکەشی شەهید ترە بۆ ژنیش و نیشتمانیش .

* عیشقی نیشتمان بە ( پەیکەر ) ێک دەچوێنێ و عیشقی ژنیش بە ( چرا ) یەک بە دەستی داگیرکەر هەردوو پەیکەر و چراکە دەشکێن و خامۆش دەبن.

شاعیر ئەم دوو وێنەیە و ئەم دوو وەسفە زۆر بە وردی دەکات و دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەر، هەروەک دەڵێت :

(( تۆ لە من شەهید تر و

من لە تۆ شەهید تر

تۆ عیشقی نیشتمان دەتکوژێ

من عیشقی ژن

بۆ تۆ لە شا شەقامێکی شاردا

پەیکەرێک

بۆ من لە دڵی شاژنێکی شۆخ و شەنگدا، چرایەک

حیزبێک پەیکەرێک دەڕوخێنێت

حیزبێک تەقە لە دڵی ژن دەکات

گەل لە خاک شەهیدتر و

خاک،

لە گەل شەهید تر )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٢٦٩-٢٧٠ )

شاعیر بە هەمان شێوە لە شیعری ( وەک قەتلی پەپوولە ) دا ئامارە بە نیشتمان و ژن دەدات هەر بە هەمان شێوەی شیعری ( ڕووخانی چرا ) سەرنجەکانی سەبارەت بە نیشتمان دەکەونە ڕوو. زۆر جار ( ژن ) بە( شاخ ) چوێنراوە یان بە پێچەوانەوە ترۆپکی شاخەکان ( لووتکەکانی شاخ ) بە سنگی ئافرەت چوێنراوە :

(( دوژمن وڵاتی لێ زەوت کردم و

عەشیرەتیش ژن

لە سەر گۆی مەمکی هەر شاخێک

مینێک

لە سەر لووتکەی سینگی هەر ژنێک

سەنگەرێک )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٢٧٨ )

٨ -ئاماژەدان بە نیشتمان لە ڕێگای چەند لێکچواندنێکەوە :

شاعیر لەبەر ئەوەی هەستەکانی لە ئاستێکی باڵادایە و لە ئاکامی سەرنجەکانی لە دەوروبەری خۆی دەبینێت زۆر شتی ( کەل و پەل ) ی دەوروبەری لە ماڵ و ژینگەکەیدا لە بارە بۆ ئەو لێکچواندنانە. دەبینین شاعیر نیشتمانەکەی بە ( دەستاڕ ) چواندووە کە دەسکی دەستاڕەکە وەکو دار بەڕوو ڕاگیر بووە و ناجوڵێ، بێگومان هێز و گوڕی دەوێ هەروەک چۆن گۆڕینی بارودۆخی نیشتمانەکەی پێویستی بە هێزی لاوەکانێتی :

(( دەستاڕێکی مات و کپە

دەسکی قەدی داربەڕووە و

هەر لینگەی سینگی شاخێکە

دەستاڕێکە گرمەی پڕ لە ئەژدەها و

مۆتۆکە و کـۆت و بەکرۆکە

بە کەزی شۆران ناگەڕێ

دەستارێکی مات و کپە وڵاتی من

هۆ کوڕینە

کـێ ئەو دەستاڕە مەزنەی بـۆ دەگەڕێ )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٣٢ )

شاعیر لە شیعری ( مەرگ ) دا لە ڕێگەی لێکچواندنی نیشتمانەکەی بە باخچەی ماڵەکەیانەوە ( کە مەبەستی لە شوێنێکی دیاریکراو نییە و مەبەستی هەموو نیشتمانە ) ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەستی تیرۆر هەموو وڵاتی تەنیوە و سەرتاپای خەڵتانی خوێنە هەروەک چۆن ئاوی حەوزێک پیس دەبێت لە باخچەکەیدا:

(( لە ئێوارەوە تیرۆر دەستی چۆتە باخچەکەمان

ئاوی حەوزەکە لە خوێنی گوڵ سوور بووە )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٦٩٠ )

لە ڕێگەی ئاماژەدان بە وشەی ( ئێوارە ) وە ئاماژە دەدات بە کات و ساتێکی ناوەخت ( ئێوارە درەنگ ) بێگومان دوای ماوەیەکی کەم شەوی بە دوادا دێت و هێندەی پێ ناچێت لەو ماوە کەمەدا دەستی تیرۆر کاری خۆی لە وڵاتدا کردووە.

جارێکی تر شاعیر لە وەسفی باخچەیەکدا کە بە خاکی کوردستانی دەچوێنێ هەر وەک چۆن پاییزان گەڵای دارەکان دەوەرن بەو جۆرە لە نیشتمانەکەیدا ڕۆڵەکانی خوێنیان دەڕژێ و تەرمەکانیان تێکەڵ بە خاک دەبن و پاییز تەنیا پرخەی دێت و لە ئارامیدایە چونکە گەڵاکانی وەراندووە ( خوێنی ڕۆڵەکانی ڕشتووە ) کە ئاماژەیە بـۆ دەستی زۆرداری و زوڵم و تاوانی ڕژێمی بەعس :

(( باغ لە گـۆڕستان دەچێت

کشومات

لە نێو تەرمی گەڵا ڕژاوەکان دا

تەنیا

پرخە پرخی پاریز )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٦٧ )

هەر بەو جۆرە شاعیر لە شیعری ( ببوورە من درەنگ هاتم ) دا دووبارە نیشتمان وێنە دەکێشێ و دەیچوێنێت بە باخچەیەک هەموو گەڵا وگوڵەکانی وەریون واتا ڕۆڵەکانی شەهید بوون هەروەک دەڵێت :

(( من لە باخچەیەک دا، چاوەڕێم،
هەموو گەڵاو گوڵەکانی وەریون
هەموو پەپوولەکانی شەهید
هەموو چۆلەکەکانی مەحکوومن بە لاڵی
ئەمن چاوەڕێم
بەڵام تکایە تۆ مەیە )) ( باخچەکانی مەلەک تاووس، ٣٨٠ )

شاعیر لە شیعری ( لە دایک بوون ) دا نیشتمانەکەی بە زەوی دەشوبەێنێت، واتا لە جووڵەی زەوییەکەدا ڕۆڵەی نوێ لە دایک دەبێ، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی و بە وەسفانەدا وێنەی منداڵێکی شۆڕشگێڕ و قارەمان دەخاتە ڕوو، کە شاعیر خۆیی تیادا دەبینێتەوە :

(( مەشخەڵێ هات ناوکی بڕیم
چەند کۆرپەیەکی سەیر بوو
یەکەم هاوارم زریان بوو
یەکەم دایانم چیا بوو
یەکەم پووشینەم بەفر بوو )) ( شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، ٥٣ )

**ئەنجام :**

١ –شیعرە نیشتمانییەکانی ( قوبادی جەلی زادە ) سەرلە بەری هەڵگری غەمی نیشتمانە و وەفا و ئەمەکی بۆ نیشتمانەکەی هێندە زۆرە، لە پێشەنگی شاعیرانی نیشتمانپەروەری سەردەمەکەیدایە.

٢ –لە ڕووی پشاندانی واقیعی نیشتمانەکەیەوە ودەستەبەرنەبوونی سەرفرازیی نیشتمانی و نەتەوەیی، زۆربەییەکی نزیک لە سەرجەمی شیعرەکانی سیمای نائومێدییان پێوە دیارە یەک دوو دەق نەبێت، کە تا ڕادەیەک هیوا و ئومێدێکیان بە داهاتووی نیشتمان هەڵگرتووە .

٣ -زمانی دەربڕینی شیعرەکانی زۆر سادە و ڕەوانن و زۆربەی جار پەنای بردۆتە بەر وشەی فەرهەنگی فۆلکلۆری کوردی، بۆ خستنەڕووی وێنە هونەرییەکان.

٤ -لەگەڵ سادەیی دەربڕینەکانیدا زۆربەی شیعرەکانی پەیامێکی شۆڕشگێڕانە و کاریگەرییان پێوە دیارە .

٥- هەر چەندە ( قوبادی جەلی زادە ) بە شاعیری ژن ناسراوە، ئاماژە جیاواز و زۆرەکانی بۆ وەسفکردنی نیشتمانەکەی و غەمی نیشتمانەکەی، لەگەڵ وەسفکردنی ژندا لەشانکێدان. زۆربەی جار تای تەرازووەکە بە لای وەسفی نیشتماندا لاسەنگە.

**سەرچاوەکان :**

**١ -کوردییەکان :**

* کتێبەکان :


١ -ئاگرین، عەبدوڵا، دیوانی دیلان، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠١٣

٢ -باڵەکی، یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ( ١٨٩٨-١٩٣٢ ) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٥

٣ -بەرزنجی، عومەر مەعروف، برایم ئەحمەد ( کۆی بەرهەمەکانی ) ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

٤ -جەلی زادە، قوباد، باخچەکانی مەلەک تاووس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی،٢٠١٢

٥ -جەلی زادە، قوباد، شەهید بە تەنیا بیاسە دەکات، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٧

٦ -ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی ( الادیب ) ، بەغدا،١٩٨٨

٧ -زراری، وریا، دیوانی هێمن، کوردستانی ئازاد، چاپی یەکەم،٢٠١٢

٨ -زێوەر، مەحمود، دیوانی زێوەر، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣

٩ -سجادی،علاءالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، چاپی دووەم، بەغداد،١٩٧١

١٠ -عەسکەری، مستەفا، دیوانی ئەسیری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم،١٩٨٧

١١ –عەلی، دڵشاد، دیلان شاعیر و ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد،١٩٨١

١٢ –میران، سەردار حەمەد، کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان (الانتشارات کردستان) ، چاپی یەکەم،١٣٩٠هەتاوی

* نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا :

١٣ اسماعیل، نە سرین رووءف، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردی دا ساڵانی ( ١٩٢٠–١٩٥٨ ) ، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٧

١٤ –حەمەد، پەخشان سابیر، کامەران موکری/ ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، ١٩٩٣

١٥ –شەریف، عەبدولواحید ئیدریس،سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لە کرمانجی خوارووا ( ١٩٣٥–١٩٩١ ) ، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان،٢٠٠٨

١٦– عبدالله، فەهمی شوکری، نەتەوە و دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی ( ١٦٥٠–١٧٠٧ ) دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێجی زمان،٢٠٠٩

١٧ –مستەفا، سەرحەد حسێن، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاریی لە شیعرەکانی کامەران موکری دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی٢٠١٥

*فەرهەنگە کوردییەکان :

١٨ –زەبیحی،عبدالرحمن، قاموسی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ( ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی ) ، ١٣٤٧هەتاوی

١٩ –شاسواریی، سیامەند، فەرهەنگی شاسوار،٢٠١٥

٢٠ –کەریم، ڕزگار، فەرهەنگی دەریا، چاپخانەی سیما، سلێمانی،٢٠٠٥

٢١ –موکریانی، گیو،فەرهەنگی کوردستان،چاپخانەی ئاراس ،چاپی یەکەم،١٩٩٩

٢٢– موکریانی، گیو، فەرهەنگی نۆبەرە ( عەرەبی –کوردی )، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم،٢٠٠٥

**٢– عەرەبییەکان :**

أ– کتێبەکان :

٢٣– المشاقبة، أمين، التربية الوطنية في الأردن، دار مكتبة حامد للنشر والتوزيع، الطبعة الثامنة،عمان الأردن، 2006

٢٤- ناصر، أبراهيم عبدالله و صفاء نعمة شويحات، أسس التربية الوطنية، دار الرائد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان الأردن، ٢٠٠٦

**ب**-تێزی دکتۆرا :

٢٥-جاف، عبد الرحيم أحمد علي، الشعر التعليمي والأتجاه الوطني في الشعر الشاعرين معروف عبدالغني الرصافي و فائق عبدالله ( بێكەس) دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، الى مجلس الجامعة العالمية للعلوم الاسلامية، المملكة المتحدة، لندن، 2008

ج / فەرهەنگەكان :

٢٦ – ويكيپيديا ستانفورد للفلسفة ( الوطنية Patriotic ) ar.m Wikipedia.org

**٣- ئینگلیزییەکان :**

27- Oxford Advanced learners dictionary press press 2023
28-Oxford Elementary leaners dictionary Press : new edetion
29- JAF Poket English - English dictionary provided with pronunciation IHSAN third impretion,April 2003

**<u>References:</u>**

1- The Kurds:
The books:

1- Agrien ‹Abdullah ‹Diwani Dylan ‹Chwarchra Printing Press ‹Second Edition ‹Erbil ‹ 2013
2- Balaki ‹Yader Rasul Hamadamin ‹Features of the Renewal of Kurdish Poetry (1898-1932) ‹Ministry of Education Press ‹First Edition ‹Erbil ‹2005
Barzinji ‹Omer Maruf ‹Brahim Ahmed (all his products) ‹first edition ‹Sulaymaniyah ‹ 2007
4- Jalizadeh ‹Qubad ‹Malek Tus Gardens ‹Hamdi Printing and Broadcasting Agency ‹ Sulaymaniyah ‹2012
Jali Zada ‹Qubad ‹Martyr Walks Alone ‹Aras Printing Press ‹Second Edition ‹Erbil ‹2007
6- Rasul ‹Ezadin Mustafa ‹Diwani Ahmed Mukhtar Jaff ‹Al-Adyb Printing Press ‹ Baghdad ‹1988
7- Zarari ‹Careful ‹Hemin Diwani ‹Free Kurdistan ‹First Edition ‹2012
8- Zewar ‹Mahmud ‹Diwani Zewar ‹Aras printing press ‹first edition ‹Erbil ‹2003
9- Sajjadi and Aladdin: History of Kurdish Literature: Education Printing Press( 2nd Edition) Baghdad 1971
10- Askari ‹Mustafa ‹Diwani Asiri ‹volume 1 ‹first edition ‹1987
Ali ‹Dilshad ‹Poet and Libertarian Prisoner ‹Iraqi Information Forum Press ‹Baghdad ‹ 1981

12- Miran ‹Sardar Hamad ‹Karim Mustafa Expert ‹Diwani Haji Qaderi Koy ‹Kurdistan Publishing Press (Kurdistan Al-Antasharat) ‹First Edition ‹2011

* Master's and Doctoral Dissertations:

13 Isma'l- Nasrin Roff ‹Poetry in Kurdish Literature (1920-1958) ‹Master's Degree ‹Koya University ‹2007

14- Hamad ‹Peshzan Sabir ‹Kamaran Mukri/ Life and Product ‹Master's Degree ‹ University of Salaheddine ‹1993

Sharif ‹Abdul Wahid Idris ‹National Anthem and Kurdish Challenge in Lower Kermanji (1935-1991) ‹Master's Letter ‹Koya University ‹Language College ‹2008

16- Abdullah ‹Fahmi Shukri ‹Nation ‹State and Religion in the Mind of Ahmadi Khani (1650-1707) ‹Doctoral Letter ‹University of Salaheddine ‹Language College ‹2009

Mustafa ‹Sarhad Hussein ‹National Thought and Challenge in The Poems of Kamaran Mukri ‹Master's Letter ‹Faculty of Language and Humanities ‹Language School ‹Kurdish Section 2015

The following are kurdish dictionaries:

18- Zabihi ‹Abdul Rahman ‹Kurdish dictionary ‹Kurdish dictionary and kurdish literature publication center (Int-Sharati Salahaddin Ayoub) ‹1347

19- Shaswari ‹Siamand ‹Shaswar Dictionary ‹2015

20- Karim Rizgar ‹Dictionary of the Sea ‹Sima Printing House ‹Sulaymaniyah ‹2005

21- Mukriani ‹Gui ‹Kurdistan dictionary ‹Aras printing press ‹first edition ‹1999

22- Mukriani ‹Gui ‹First Dictionary (Arabic-Kurdish) ‹Aras printing press ‹first edition ‹ 2005

The Arabs:

A- The books:

23- Al-Ma'qaqba' al-Aman al-Aman' al-Aman al-2006- 2006

24- Nasser al-Abrahim Abdullah and Safa'a Na'amah Shwayhat( 2006)

The ph.d.:

25-Jaf' Al-Rahim Ahmad Ali' al-'Ay poetry and the national poetry of famous poets Abdul Ghanei al-Rassafi and Faiq Abdullah (Bekas) in the same way as the majlis al-Mu'ad al-Islami.

C/Dictionaries: ar.m Wikipedia.org ( Patriotic Wikipedia Stanford for Philosophy